# ڕاپۆرتێک لە ڕێو ڕەسمی ڕۆژی کۆمەڵە لەووڵاتی نۆرویژ

لەسەر بانگهێشتنی کۆمیتەی تەشکیلاتی کۆمەڵە لە وولاتی نۆرویژ ڕۆژی یەکشەمە ڕێکەوتی١٧ی مانگی٢ی ٢٠٠٨ی زاینی کاتژمێر پێنجونیوی ئێوارە بە کاتی ئۆسلۆ لە هۆڵی گرووروود سامفوونسهوسە لەشاری ئۆسلۆی پێتەختی وولاتینۆرویژ ڕێورەسمێکی شکۆدار بۆ ڕێزگرتن لە ٢٦ی ڕێبەندان ٢٩ هەمین ساڵ رۆژی ئاشکرا بوونی هەڵسووڕانی کۆمەڵە و رۆژی گیانبەختکردنی هاوڕێی رابەرو دامەزرێنەری کۆمەڵە هاوڕێ موحەمەدحوسەین کەریمی، بە بەشداری سەدان کەس لە کادرو ئەندامان و دۆستانی کۆمەڵە وهەروەها نوێنەرانی دەیان حیزب وڕێکخراوی کوردی و ژمارەیەکی بەرچاو لە کەسایەتی سەربەخۆ لە هەمو پارچەکانی کوردستانەوە بەڕێوەچوو، سەرەتا لەلایەن بەڕێوەبەری ڕێوڕەسمەکە دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یادی هەمو گیانبەختکردوانی کۆمەلە و ڕێبازی ئازادی و عەداڵەتی کۆمەڵایەتی وبزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلیکورد ڕاگەیاندرا، پاشان بێدەنگییەکە بە سروودی بانگەواز سروودی ڕەسمی کۆمەڵە شکێندرا، دواتر پارچە شێعرێک بە ناوی دەریا چاوی لە ئێوە کرد پێشکەشکرا، هاوڕێی بەرێز کاک عەبدوڵلا موهتەدی سێکرێتێری گشتی کۆمەڵە کە بەشداری ڕێورەسمەکە بو ووتارێکی پێشکەش بە بەشداربوان کرد کەزۆر بە گەرمی پێشوازی لێکرا، هاوڕێ عەبدوڵا لەسەر و سیاسەت و ستراتیژیەکانی کۆمەڵە وهەروەها هەوڵ وتێکۆشانی کۆمەڵە بۆ بەسەرکەوتن گەیاندنی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی گەلی کورد ودابین کردنی عەداڵەتی کۆمەڵایەتی دوا، پاشانکاک عەبدوڵا لە سەر بارودۆخی سیاسی جیهان وناوچەکە و ئێران بەگشتی وکوردستان بەتایبەتی قسەوباسێکی پێشکەش کرد کە تێیدا جەختی لەسەر هاوکاری وهاوپێوەندی هێزە سیاسییە کوردستانییەکان کردەوە، هەنگاو هەڵهێنانەوەی هەموو لایەنەکان لەپێناو بەهێزتر کردنی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلی کورددا بە ئەرکێکی گرینگی باسکرد، لەمیانەی قسەکانیدا پشتیوانی کۆمەڵەی لە دەستکەوتەکانی کورد لە باشووری کوردستان دووپاتکردەوە و پشتیوانی

کۆمەڵەی لەبزووتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلی کوردی لە هەمو بەشەکانی کوردستان ڕاگەیاند.

دوای وتارەکەی‌هاوڕێ عەبدوڵا، هاوڕێ بێهروز سەڵەواتی چەند پارچە شێعری پێشکەش بە بەشداربوان کرد، دواتر بەرێز کاک بابەعەلی گوڵانی بەنوێنەرایەتی ٩هێزی سیاسی کوردستانی لە ۴ پارچەی کوردستان کە ئەندامن لە کۆمیتەی هاوکاری هێزە سیاسییە کوردستانییەکان پەیامی پیرۆزبایی بە بۆنەی رۆژی کۆمەڵەوە پێشکەش کرد، پاشان هاوڕێ نالی کاوە بەرپرسی ڕێکخراوی لاوانی کۆمەڵە لەنۆرویژ پەیامی لاوانی کۆمەڵەی خوێندەوە، بە دوای پەیامی لاوان هاوڕێ سۆما کاوە کچە لاوی ئەندام لە رێکخراوی لاوان پارچە شێعرێکی تایبەت بە رۆژی کۆمەڵە پێشکەش بە بەشداربوان کرد، بە پەزیرای هاوڕیان‌لە میوانانی بەشدار لە رێورەسمەکە بەشی یەکەمی بەرنامەکە کۆتایی پێهات، پاش نیو کاتژمێر پشوو بە سروودی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانین کەرێکخراوی لاوان پێشکەشیان کرد بەشی دووهەمی رێورەسمەکە دەستی پێکردەوە، دواتر گروپی هونەری ڕێکخراوی لاوان شانۆیەکی هەڵپەرکێی کوردیان پێشکەش کرد کە کەشوهەوای رێورەسمەکەی زۆر ڕازاندەوە و خۆشتری کرد، دواتر هونەرمەندان نجمان سندی، خەبات قورەیشی و مووسا مەریوانی بە هونەرە جوانەکانیان بەشی هونەری رێورەسمەکەیان ڕازاندەوە و بەرێوەبرد، جێی ئاماژەیە ناوە لە لایەن بەرێوەبری بەرنامەکەوە شێعر وتراکت ودرووشمەکانی کۆمەڵە پێشکەش بە بەشداربوانی رێورەسمەکە دەکرا، لەم رێو رەسمەدا کاناڵە تەلەویزیۆنییە ئاسمانییەکانی رۆژهەلات تیڤی، کوردسات تیوی و تیشک تیوی بەشداربوون وڕاپۆرتیان لە رێو رەسمەکەهەڵ دەگرت، رێورەسمەکە کاتژمێر١١ونیوی شەو لە نێوان شادی وخۆشحالی بەشدار بواندا کۆتایی پێهات.

ئەم حیزب ورێکخراوانەی خوارەوەبەناردنی برووسکە یان راستەوخۆ بەشداریان لەڕێورەسمی ڕۆژی کۆمەڵە لە ولاتی نۆرویژ کردوە.

١. کۆمیتەی هاوکاری هێزە سیاسییە کوردستانییەکان
٢. یەکێتی نیشتمانی کوردستان
٣. پارتی دێموکراتی کوردستان
۴. حیزبی شیوعی کوردستان_عێراق
۵. پارتی یەکیەتی کورد لە سوریە
۶. پارتی دێموکراتی باکوور
٧. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
٨. پارتی ئازادی کوردستان

9. یەکێتی شۆڕشگێرانی کوردستانی ئێران
10. حیزبی دێموکراتی کوردستان
11. سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران
12. ڕێکخراوی خەباتی شۆڕشگێری کوردستان
13. پارتی سەر بەخۆیی کوردستان
14. ناوەندی چاک
15. فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردیەکان
16. کۆمیتەی پێشمەرگە دێرینەکان
17. سەنتەری گەنجان
18. کانوونی نووسەرانی کوردستانی ئێران
19. جنبش دمکراتیک یارسان
20. ڕێکخراوی ژنانی کۆمەڵە
21. گرووپی کوردی لە ڕێکخراوی دژ بە ڕەگەز پەرەستی ئێس و ئێس راسیسمە
22. کنگره ملتهای فدرال لقی نۆرویژ
23. حزب مردم بلوچستان
24. سازمان جنبش ملی بلوچستان زرومبش
25. جبهه متحد بلوچستان جمهوری خواهان فدرال
26. اتحاد کارگری
27. کانوون زندانیان سیاسی ایران
28. کۆمەڵەی کوردی سووریە
29. کوردستان تی وی
30. کوردسات تی وی
31. تیشک تی وی
32. ڕۆژهەڵات تی وی
33. پارتی سەر بەستی کوردستان

کۆمیتەی کۆمەڵە لەوڵاتی نۆرویژ وێرای ئەوەی پیرۆزبایی ئەم رۆژە لە هەمو کادر و ئەندامان ودۆستانی کۆمەڵە دەکات، سوپاسو پێزانینی خۆشی ئاراستەی هەموئەولایەن و کەسایەتییانە دەکا کە راستەوخۆ یان بەناردنی برووسکە و پەیامی پیرۆزبایی بەشداری ڕێورەسمەکە بوون ئاواتمانە کە جێژن و بۆنەکانیترمان لەکوردستانێکی ئازاددا لەئامێزی خەڵکی رزگارکراو لە بندەستی وچەوسانەوەدا بەرێوە بەرین.

**کۆمیتەی کۆمەڵە لە وڵاتی نۆرویژ**

١٨ی ٢ی ٢٠٠٨ی زایینی






















www.komala.org
**E-mail:** komala_no@hotmail.com

**Adres:** Komala Postboks 115
linderud 0517 Oslo norway
**Account nr:** postbanken 05355661913
**Tel:** 922 800 25